Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.SpC.4

# پەیڕەوکردنی تیۆری ئێکس باڕ لە زمانی کوردیدا

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Nasreen Abdullah Ahmed
nasreenabdullah630@gmail.com

**نەسرین عبدالله احمد /** بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

**نەریمان عبدالله کەریم** / بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

RECEIVED: 30/07/2025
ACCEPTED : 19/08/ 2025
PUBLISHED : 15/12/ 2025

**وشە سەرەکییەکان:**
بیردۆزی تەواوکەری سەری
پرۆجێکشن
دیاریکەری X-Bar

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (پەیرەوکردنی تیۆری ئێکس باڕ لە زمانی کوردیدا)یە بەپێی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە. تیۆری ئێکس باڕ، یان سیستەمی ئێکس باڕ، سیستەمێکی ڕێزمانییە لەمیانەی زمانەوانیی بەرهەمهێنانی نوێدا گەشەیکرد وەکو شوێنگری لێکدانەوە کۆنەکانی پێکهاتەی فرێز هاتەکایەوە. واتە تیۆری ئێکس باڕ بۆ نەهێشتنی ئەو کەموکورییانە هاتەکایەوە، کە پێشتر لە یاساکانی فرێزپێکهێنان و ڕێزمانی بەرهەمهێناندا هەبوون. وەچە تیۆری ئێکس باڕ X-Bar لە چوارچێوەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە GB دا، هەوڵدەدات لەجیاتی هەبوونی چەند یاسایەکی جیاواز فرێز پێکهێنان تەنها یەک یاسای گشتی هەبێت بۆ ڕۆنانی فرێز لە هەموو زمانە مرۆڤایەتییەکان. واتە چۆمسکی لە X-Bar دا، هەوڵدەدات یاساکانی فرێزە جیاوازەکان بگۆڕێت بۆ بنەمایەکی گشتگیر. بەم شێوەیە تیۆری X-Bar لەبری ئەوەی بۆ هەر فرێزێک یاسایەک یان چەند یاسایەکی جیاواز دابڕێژێت، ئەوا بۆ هەموو فرێزەکان یەک یاسای گشتی دادەڕێژرێت. ئەم تیۆرە پەیوەستە بە ڕۆنانی ئاستی ناوەوەی ڕستە، بە تیۆرێکی بنەڕەتی دادەنرێت، بۆ دیاریکردنی سیماکانی ڕۆنانی فرێز لە زمانە سروشتییەکاندا، هەروەها لەم تیۆرەدا زۆر گرنگی بە سەرەی فرێز ( Head Phrase) دراوە، کە گرنگترین بەشی فرێزەکەیە. سەرە دەبێتە ناونیشانی فرێزەکە، واتە سەرەی فرێزەکە لە هەمان جۆری کاتیگۆری فرێزەکە دەبێت، بۆ نموونە لە فرێزی ناوی NP دا، پێویستە سەرەی فرێزەکە ناو N بێت، لە فرێزی کار (VP)یدا، پێویستە سەرەی فرێزەکە کار V بێت، لە فرێزی بەند PP دا، سەرەی فرێزەکە پێشبەند (P) یە.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**0پێشەکی:**

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە ( پەیڕەوکردنی تیۆری ئێکس باڕ لە زمانی کوردیدا)، توێژینەوەکە بۆ ڕۆنانی فرێز و جۆرەکانی فرێز تەرخانکراوە، تیایدا پەیوەندییەکانی نێوان سەر و تەواوکەر لەلایەک و سەر و سپێک لەلایەکی تر ڕوونکراونەتەوە.

**0-1هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:**

لقە تیۆری ئێکس باڕ بەپێی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە یەکێکە لە بابەتە گرنگەکانی ڕستەسازی، لە زمانی کوردیدا وەنەبێ توێژینەوەی لەسەر نەکرابێت، نەخێر تیۆری ئێکس باڕ لە زمانی کوردیدا کاری لەسەر کراوە، بەڵام ئەم کارکردنە پتر خۆی بە لایەنی تیۆریی خەریککردووە و نەچووەتە نێو لایەنی جێبەجێکەرانەی کارەکە و پیشاندانی چۆنیەتی نواندن و دەرکەوتنی لە زمانی کوردیدا بەشێوەیەکی گشتگیر پەیوەست بە دروستەی فرێزیوە. ئەمە هۆکاری سەرەکی بوو بۆ هەڵبژاردنی بابەتەکە، ئەم توێژینەوە کارێکی نوێیە و بەپێی لقە تیۆری (X-Bar) بەسەر فرێزەکانی زمانی کوردیدا پراکتیزەکراوە، تیۆری ئێکس باڕیش بە تیۆری ڕۆنانی فرێز ناسراوە، بەوەی لەسەر بنەمای لقکردنی کەتیگۆری سەرە و تەواوکەر دامەزراوە، بەمەش هەندێک لایەنی تاریکی تیۆرەکە لە زمانی کوردیدا ڕوناکدەکرێتەوە.

**0-2کەرەستەی توێژینەوەکە:**

کەرەستە و نموونەکانی ئەم توێژینەوەیە جگە لە هەندێ نموونەی سەرچاوە بەکارهاتووەکان، لە هەمان کاتدا نموونەکانی توێژینەوەکە لە زمانی نووسینی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردی وەرگیراوە.

**0-3میتۆدی توێژینەوەکە:**

بۆ توێژینەوەی تیۆری ئێکس باڕ لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی وەسفیی شیکاری پەیڕەوکراوە، بۆ چۆنیەتی ڕۆنانی فرێزەکان و خستنەڕووی یاساکانیان پشت بە تیۆری (X-Bar) بەستراوە.

**0-4 ناوەڕۆک و بەشەکانی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان لە دوو بەش پێکهاتووە، کە ئەوانیش وەک لە خوارەوە بەکورتی ئاماژە پێدەدرێت، بەسەر چەند پارێک دابەشکراون.

بەشی یەکەم: لە چەند پارێک پێکهاتوون: لە پاری یەکەمدا مێژوو و پەرەسەندنی تیۆری ئێکس باڕ خراوەتەڕوو، تیایدا بەکورتی سیما سەرەکییەکانی هەر قۆناغێک و کەموکوڕییەکان و هۆکارەکانی گەشە و گۆڕانی هەر قۆناغێک بۆ قۆناغێکی تر خراوەتەڕوو.

پاری دووەم: بۆ چەمک و پێناسەی تیۆری ئێکس باڕ تەرخانکراوە، تیایدا تیۆری ئێکس باڕ و کاتیگۆرییەکانی ڕوونکراونەتەوە. بەشی دووەمی توێژینەوەکە تایبەتە بە ( جۆرەکانی فرێز بەپێی تیۆری ئێکس باڕ لە زمانی کوردیدا)، کە تێیدا باس لە فرێزە فەرهەنگییەکان و چەشنەکانی فرێز دەکات، تیایدا فرێزی ناوی، فرێزی ئاوەڵناوی ، فرێزی بەند، فرێزی ئاوەڵکاری، فرێزی کاری بە نموونەوە، بەپێی تیۆری ئێکس باڕ خراونەتەڕوو.

## 1- تیۆری ئێکس باڕ

### 1.1: مێژوو و پەرەسەندنی تیۆری ئێکس باڕ

تیۆری ئێکس باڕ یەکێکە لە تیۆرەکانی مۆدێلی سینتاکسیی دەسەڵات و بەستنەوە/ بنەما و پارامیتەرەکان، ئەگەرچی ئەم تیۆرە یەکێکە لەو حەوت تیۆرە گشتییەکەی (GB/P&P) بە بڵاوبوونەوەی کتێبی دەسەڵات و بەستنەوەی چۆمسکی لە ساڵی (1981)دا دەستپێدەکات، بەڵام هەندێک سەرچاوە پێیانوایە کە تیۆری ئێکس باڕ پێش (GB) لە لایەن چۆمسکی و جاکندۆفەوە لە ساڵی 1970 و بریسنان لە ساڵی 1973دا خراونەتەڕوو. دواتر بە درێژایی قۆناغەکانی (GB) گەشەیسەندووە، زیاتر لەوەش هەندێک سەرچاوەی دیکە سەرەتای سەرهەڵدانی ئێکس باڕ دەگەڕێننەوە بۆ بەرهەمە سەرەتاییەکانی (زیلیج هاریس) لە ساڵانی 1950کاندا(بڕوانە: محەمەد: 2009: 150 و سەعید: 2020: 103).

کەواتە تیۆری ئێکس بار بە تیۆرێکی ســـەرەکی دادەنرێت بۆ دیاریکردنی دروســـتەی فرێز لە زماندا و تیۆرێکی سینتاکسییە((چۆنیەتی داڕشتنی فرێزەکان، کە پێکهێنەری ڕستەن لە ئاستە دروستییەکاندا پەسن دەکات، لەبەر ئەوە بە تیۆریی دروســـتەی فرێز و داڕێژەری دروســـتەی قووڵ و ڕووکەش و فۆرمە لۆجیکییەکان دادەنرێت))( Cook& Newson: 1997: 147).

تیۆری ئێکس باڕ، کە پێڕەوی ڕێزمانی دروستەی فرێزە، لەلایەن چۆمسکی و چاکندۆفەوە لە 1970 دا ( Matthews, P.H:1997,439) و بریســـنانەوە لە 1973دا خراوەتەڕوو (AArons, D. 1994, 36)، دواتر بە درێژایی قۆناغەکانی GB گەشەیسەندووە.

ئێکس باڕ وەک مۆدیلێکی ڕێزمان بۆ دروستەی فرێز، لەڕێگەی دروستە سینتاکسییەکانەوە زانیاری سینتاکسی فۆڕمێکی فەرهەنگی دەخاتەڕوو، بەمەش دیوی دەرەوەی زانیاری فەرهەنگیی توخمێک نیشـــان دەدات، چونکە وەک لە تیۆرەکەدا هاتووە (X)ەکان، کە (کار، ناو، ئاوەڵناو، پێشبەند، دیارخەر) دەگرێتەوە، دروستکەری پرۆژەی سینتاکسین، واتە سەرەی ڕێزمانی پرۆژە سازدەرن (قادر: 2011، 59 ــ 60)، بەمەش هەر فرێزێک پرۆژەی سەرێکە (AArons, D. 1994: 36)، کەواتە بە گوێرەی تیۆرەکە، X وشەی بە دەسەڵاتە، بۆیە پێکهێنەری خورتیی پرۆژەی فرێزە، لە بەرانبەریشدا هەر XP فرێزێک پرۆژەی سەرەکەیەتی -X (Haegeman: 1994, 104 – 105).

کەواتە ئێکس باڕ تیۆرێکی سینتاکسییە، دەستپێکی کارکردنی ئاستی قووڵی ڕستەیە، دروستەی فرێزە پێکهێنەکانی ڕستە شیدەکاتەوە، کە بریتین لە فرێزی ناوی و فرێزی کاری، هەروەها لە ئاستە دروستەییەکاندا پەسنی چۆنیەتی داڕشتنی فرێزەکان دەکات، لەنێوان فەرهەنگ و سینتاکسدا کاردەکات و زانیارییە فەرهەنگییەکان دەنوێنێت، بە شوێنگرەوەی یاسا پێکهێنەکانی فرێز لە تیۆری ســـتاندارددا دادەنرێت، بۆ چارەســـەرکردنی کەموکوورییەکانی یاســـاکانی فرێزپێکهێنان لە تیۆری ستاندارددا هاتەئاراوە(عبدالله: 2023: 17). لەم تیۆرەدا فرێز بناغەی ڕستەیە، لێکۆڵینەوە لە فرێز، لێکۆڵینەوەیە لە دروستەی قووڵی ڕستە(محمد: 2014: 140).

کاتێک (چۆمســـکی) پەرەی بە مۆدێلەکەی خۆیدا لە بواری ڕێزمانی گوێزانەوە، گەڕایەوە بۆ بەشـــەکانی ئاخاوتنی دێرینەکەوە، باسـی لەوەش کرد کە هەموو زمانەکان پێویســتە بەشــی هاوشــێوەی ئاخاوتن لەخۆبگرن. هۆکارەکانی ئەم جەختکردنەوەیەشــی لەســەر گریمانەیەک بونیاد نا، کە یاســای بونیادی فرێزی جیهانی Universal هەیە، کە لە هەموو زمانەکاندا هەیە. بەشـــەکانی ئەم ئاخاوتنە جیهانییەش لە مۆدێلەکەی پێشـــتری ڕێزمانەکەیدا ژمارەیەکی کەمی هەبوو (فرێزی ناوی NP ، فرێزی کاری VP، کارە یاریدەدەرەکان (AVX) و ئاوەڵناو (Adj) و ئاوەڵکار Adv و دیاریکەر Det و ڕســتە s)، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات فراوانی بەخۆوە بینیوە و کەتیگۆری فەرهەنگی و کەتیگۆرە فرێزییەکانی دیکەشـی گرتووەتەوە، کە ئەمانەن:

کەتیگۆرە فەرهەنگییەکان ئەمانەن: (ناو، کار، کاری یاریدەدەر، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار، دیاریکەر، پلەی دەربڕین، بەســـتنەوە، جێناو، دیاریکەری چەندێتی). کەتیگۆرە فرێزییەکان ئەمانەن: (ڕســـتە یان دەربڕین، فرێزی ناوی، فرێزی کاری، فرێزی ئاوەڵناوی، فرێزی بەند، فرێزی ئاوەڵکاری)( الدسوقي:2017 : 65).

تیۆری ئێکس باڕ لەلایەکەوە لە دیاریکردنی دروستەی ناوەوەی پۆلە فەرهەنگییەکان و لەلایەکی تریشەوە لە دروستەی ڕســـتەدا تایبەتە بە فرێزە ئەرکییەکان، کە پۆلی فەرهەنگی نین، بەڵکو مۆرفیمی بەندن، بەشـــێوەی پاشـــگر و ئەرکی سـینتاکسـییان هەیە، وەک نیشـاندانی (کات و ڕێکەوتن...هتد)، ڕۆڵ دەبینن. یاسـای یەکەمی تیۆری ئێکس باڕ نەخشـەی تێکردە فەرهەنگییەکان بۆ سـەرجەمی فۆڕمە سـینتاکسـییەکان دەنوێنێت، کە لە X ەوە دەسـتپێدەکات، یاسـای دووەمی تیۆرەکەش(-X)، زانیارییە فەرهەنگییەکانی ئایتمەی فەرهەنگییەکان لە ســـەرە و ڕیزبوونێکی پێچەوانەدا دەنوێنێت و تارادەیەک فۆڕمی ئاســـتی قووڵ دەنەخشـــێنێت، یاســـای ســـێیەمیش، کە کۆتا نواندنی تیۆرەکەیە، یاســـای XP دەنوێنێت(مەعروف: 2013: 66).

هەروەها دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە تیۆری ئێکس باڕ بۆ پێکهێنانی ڕســـتە لە ئاســـتی قووڵدا ڕۆڵدەبینێت، بۆ ئەوەی دروستەی قووڵی پۆلە فەرهەنگییەکان و ئەرکییەکان بگرێتەوە(عبدالله: 2023: 23).

زمانەوانان تێبینیان کرد، کە کێشەگەلێک لەگەڵ کەتیگۆرە فەرهەنگییەکان و کەتیگۆرە فرێزییەکان هەیە، کیشەکە ئەوەبوو، کە زمانەوانان پێویســـتییان بە جۆرێکی دیکەی کۆمەڵەکان هەبوو، کە دەکەوێتە نێوان کەتیگۆرە فەرهەنگییەکان و کەتیگۆرە فرێزییەکانەوە، ئەم جۆرە تازەیەشـــیان ناونا کەتیگۆری (ســـینی هێڵدار) (X bar)، تا دەرەنجام ئەمانەمان بەردەستکەوت:

کەتیگۆرە فرێزییەکان Phrasal Categories

کەتیگۆرە ئێکس باڕەکان X bar Categories

کەتیگۆرە فەرهەنگییەکان Lexiral Categories

هۆکارەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەو زمانەوانانە پێویســـتیان بە لقدارکردنی بونیادی فرێزە نوێیەکان هەبوو، تا لە پرۆســـەی جێناوکردندا کارا بکرێن، ئەویش کاتێک جێناوەکە شـــوێنی ناوەکە دەگرێتەوە، یان شـــوێنی فرێزە ناوییەکە بگرێتەوە، وەک:

پیاوەکە کچەکەی بینی. (ناو)

پیاوەکە بینی.

حەز بە ئۆتۆمبێلە خێراکان دەکەم. (فرێزی ناوی)

حەزم لێیانە. (جێناو فرێزی ناوی)


هەروەها زمانەوانان بۆیان دەرکەوت، کە جۆری دیکە هەن، کە بەر پرۆســـەی جێناوکردن دەکەون، ئەم جۆرانەش نە فرێزی ناوی تەواون و نە فرێزی فەرهەنگی تەواون، بەڵکو فرێزگەلێکی ناوەندن لەنێوان هەردوو ئەم جۆرەدا، کە کەتیگۆرەکانی ئێکس باڕن X bar categories.


چۆمسکی لە (GB/P&P)دا مۆدێلێکی نوێی بۆ دروستەی فرێز خستەڕوو، کە ئەویش تیۆری (X-bar) لە ئەنجامی ئەو ڕەخنە و تێبینییانەوە هاتە ئاراوە، کە لەسەر یاساکانی دروستەی فرێز هەبوون، زۆری ژمارەی یاساکان یەکێک بوو لە دیارترین ئەو ڕەخنانەی لە یاساکانی دروستەی فرێز دەگیران. یاساکانی دروستەی فرێز لە ژمارەیەکی بەرچاو لە یاسا پێکهاتبوون، بەجۆرێک بۆ هەر چەشنێکی فرێز یاسایەک یان چەند یاسایەک بەردەستبوون، ئەمەش ببووە هۆی ئەوەی کە فێربوون و بەکارهێنانی یاساکان ئاسان دەبێت، ئەمە لە کاتێکدایە تیۆری(X-bar) هەوڵ بۆ ئەوە دەدات، کە بە پێدانی هەمان دروســـتە بە تێکڕایی چەشـــنە جیاوازەکانی فرێز، لایەنی لێکچووی نێوان کەتیگۆریی جیاوازی فرێزەکان دیاریبکات،نەک ئەوەی پرۆژە ســـینتاکســـییەکانی فرێز یاســـای دروســـتەیی جیاوازیان هەبێت(والی: 2023: 35). بەپێی تیۆری (X-bar) هەموو کەتیگۆرییە ئاڵۆزە سینتاکسییەکان لە هەموو زمانە سروشتییەکاندا(NP,VP,PP,etc.) بەپێی بنەما دروســـتەییە جیهانییەکان پێکدەهێنرێت(Trauth & Kazzazi: 2006:p.129). یاســـاکەشـــی بەم شـــێوەیەی خوارەوەیە:

XP/X= ⟶ .........X-.........

X- ⟶ .........X0........

XP/X=






لەم هاوکێشەیەی سەرەوەدا دروستە و هێڵکاری گشتیی فریز بەپێی تیۆری (x-bar) لە زمانەکانی مرۆڤدا دەخەنەڕوو، وەک لە یاســـا و هێڵکارییەکەدا هاتووە، کاتیگۆریی لوتکەکە دوو باڕی هەیە(x=)، کە بە (XP)یش دەنوێنرێت، کاتیگۆریی جووتباڕ پرۆژە مەزنەکەیە، کە ئاســتی گەورەتری دروســتە، تێیدا ڕێگەپێدراو نییە، ئەم کەتیگۆرییە(کەتیگۆریی جووتباڕ) کەتیگۆرییەکی تاکباڕ/ یەکباڕ(x–) لەخۆدەگرێت، کە لە دروستەی فرێزدا پرۆژەی ناوەندییە، هەر کەتیگۆرییەکی تاکباڕیش کەتیگۆرییەکی ســفرباڕ ســـەرەی ڕێزمانیی پرۆژەی فرێزە، واتە توخمی پرۆژەســـازدەرە، بۆیە نوێنەرایەتیی هەر کەتیگۆرییەک دەکات، کە وەک سەرەی ڕێزمانی پرۆژەی سینتاکسی فریز بونیاد بنێت(والی:2023: 35 ـ 36).

تیۆری ئێکس باڕ (X-bar) داوای ئەوە دەکات، کە ڕۆنانی هەموو جۆرە فرێزێک پێویســتی بە دوو ئاســتی ناوەکی هەیە، وایدادەنێت، کە هەموو فرێزێک لە هەموو زمانێکدا لە هەمان یەکەی ڕۆنانی بنەڕەتیدا بەشـــدارن، لە هەردوو ئاســـتیی فرێزەکەدا ئاســـتێکیان(X=)ە، لە ســـپێک و ســـەرەیەک پێکدێت، ئاســـتەکەی تر (X–)ە و لە تەواوکار و ســـەرەیەک پێکدێت(قادر:2004: 28). کەواتە کردە ســـینتاکســـییە بەدوایەکداهاتووەکان بەهۆی یەکگرتنی دووپەلکیانەی ســـەرە و تەواوکار جێبەجێدەبن(ســـەعید:2019: 36). ســـەرەش (Head) لە هەموو فرێزێکدا بە (x0) دەنوێنرێت، (X) بنجە بۆ کاتیگۆرییە فەرهەنگی و ئەرکییەکان، کاتیگۆرییە فەرهەنگییەکانی وەک (ناو، کار، ئاوەڵناو، پێشناو) دەبنە سەرەی فرێزی (NP,VP,AP,PP) ، کاتیگۆرییە ئەرکییەکانی وەک (دیاریکەرDet، تافT، کەسAGR، لێکدەرzerComplemti)یش دەبنە سەرەی فرێزی (DP,TP,AGRP,CP) هەر لەبەر ئەمەشە فرێزەکان بە ناوی ئەوانەوەی ناودەبرێن، چونکە هەر فرێزێک لەژێر دەسەڵاتە تایبەتییەکانی سەرەدایە(قادر:2009: 37) .

## 2.1: چەمک و پێناسەی تیۆری ئێکس باڕ

### 1. چەمکی ئێکس(X)

ئێکس هێمایەکی بیرکارییە لەبری (س، ص)ی بواری بیرکاری بەکاردێ، هەر وەک چۆن لە بیرکاریدا بەهایەکی جەبری هەیە، لە زمانیشـــدا بەهایەکی زمانی هەیە و بەهای ئاســـتەکەی خۆی لەبریتی یەکێک لە کەتیگۆرییەکان بەکاردێت(قادر: 2009: 29). واتە (X) یان (س) بەرانبەر بە هەر یەک لە ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار، کار، ئامراز...هتد دەوەســـتێ، کە دەبنە سەرەی فرێزەکە، واتە وشەی خاوەن ئەرکی ڕێزمانین لەم ڕۆنانەدا، بەم شێوە پێکهاتەی هەموو فرێزێک خاوەن سیمای ناوەکییە (حاجی: 2009: 59).

### 2. چەمکی باڕ(bar)

چۆمســـکی زاراوەی (باڕ)ی بۆ بەکارهێنا، کە بریتین لەو پێکهاتانەی لە فرێز بچووکترن و لە وشـــەی ســـەرە بە تەنیا گەورەترن. بەم شـــێوەیە یەکەی (ن1،ک1،ئا1.... تاد) هاتنەئاراوە و ئیتر لەجیاتی ڕۆنانی فلاتی پەیڕەوکراو لە ڕێزمانی گوێزانەوەدا، هەموو فرێزێک ڕۆنانێکی دووانەیی(Binary)وەرگرت. ئەم بۆچوونە لەلایەن جاکندۆف (1977) (Jackendoff:1997: 55)و نیومایێر (1980) (Newmeyer: 1980:87) زیاتر تیشـــکی خرایە ســـەر (Akmajian:1995:201) .

زۆر زمانەوانی تریش باس و لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئەم بۆچوونە ئەنجامیاندا و هەندێ گۆڕانیان خستە سەری. باڕ Bar بەشێوەی کۆما / فاریزە(،)، یان بەشێوەی پارچە ڕاستەهێڵێکی بچووک(ـــــــ)، یان وەک ژمارە لەلای ڕاست، یان لە ســـەرەوەی (x)ەوە دادەنرێت(قادر: 2009: 29). لەلایەن زمانەوانانەوە بەشـــێوەی جیاجیا ئاماژە بە باڕ Bar کراوە، بۆ

نموونە (زیلینگ هاریس) ژمارە(X1)ی بەکارهێناوە، کە سەرەتای سەرهەڵدانی تیۆرەکە بۆ بەرهەمە سەرەتاییەکانی بۆ ساڵی (1950) دەگەڕێتەوە، (جاکندۆف) هێمای (X')ی بەکارهێناوە، کە بەشێوەیەکی سەرەکی لە ساڵی (1970) گەشەی بە تیۆرەکەی داوە، (چۆمسکی)یش بۆ بارِ هێمای (-X)ی بەکارهێناوە، کە لە ساڵی (1980) بەدواوە تیۆرەکەی ئاخنراوەتە ناو تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە و وەکو لقە تیۆرێکی (GB) دەناسرێت(محەمەد: 2009: 150 ـ 152).

سەبارەت ژمارەی ئەو بارانەی کە (ئێکس) یان (س) وەردەگرێت، زمانەوان لەناو خۆیاندا لەسەری رێکنەکەوتوونە. لە لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکاندا تا سێ بارِیش دانراوە بەپێی هێماکە، بەم شێوەیە بووە:

س، س1، س2، ...... X0,X0,X0 ............، X',X',X'................

بەڵام لە لێکۆڵینەوە ئێستاییەکاندا هەر یەک بارِ بەکاردێت: س1.( حاجی:2009: 53).

## 3: واتای هێمای (X) و (bar)

ئەم کەتیگۆرە ناوەندە لە لێکۆڵینەوەکانی پێشتر لە مۆدێلەکانی رۆنانی فرێزدا جێیان نەبووەوە، لە زانستی فرێز(ئێکس بار)دا شوێنێکی رواڵەتییان هەیە، لێرەدا ئاستێک لە ئاستەکانی فراوانخوازی لە فرێزی پێکهاتەیی بەجێدەهێنن و کەتیگۆری فەرهەنگی پێشکەش دەکات و بە هێمای (س/ x) ئاماژەی بۆ دەکرێت، کە لەوانەیە:(Robert: 2010: 5-6)

1ـــــ (س/ x) لەگەڵ یەک هێڵ، کە توخمێکی فەرهەنگی بێ پێشگر یان بێ پاشگرە، هەروەک لە وشەی (قوتابی) دەردەکەوێت: - Single X bar

2ـــ (س/ x) لەگەڵ دوو هێڵ، کە توخمێکی زمانەوانییە لە دوو توخم پێکدێت، وەک لە وشەی (قوتابییەکە) و (قوتابییان) دەردەکەوێت: - - double X bar

3ـــــ (س/ x) لەگەڵ سێ هێڵ، کە توخمێکی زمانەوانی ئەوتۆیە، کە لە سێ توخم پێکهاتووە، وەک لە (قوتابییەکان) دەردەکەوێت: - - - teceble X bar

هەر کەتیگۆرێک لە کەتیگۆرییەکانی (X) یان (س) بە پرۆژەی (ئێکس بارِ) ناسراوە(الدسوقي:2017: 20ـ 21).

(X) هێمایەکە بۆ توخمێکی گۆڕاو، کە بۆی هەیە ناوێک یان کارێک یان ئاوەڵناوێک یان ئاوەڵکارێک یان ئامرازێک پربکاتەوە و فرێزێکی ئێکس (XP) راستەقینە بوونی نییە، بەڵکو فرێزێکی ناوی (NP) یان فرێزێکی کاری (VP) یان فرێزێکی ئاوەڵناوی (JP) یان فرێزێکی ئاوەڵکاری (AP) یان فرێزێکی بەند (PP) هەیە، هەروەها (X) دەبێتە هێمایەک بۆ ئەو گۆڕاوەی لەوانەیە فرێزی (پ) یان فرێزی (ع)...هتد بێت، لێرەدا فرێزی (س) و فرێزی (پ) و فرێزی (ع)...هتد بوونی دەبێت (الدسوقي:2017: 21).

لە تیۆری ئێکس بارِدا ئەو هێمایەی ئاماژە بۆ (Bar) دەکات، بە فۆرمی جیاجیا بەکارهێنراوە (Radford:1982:93). بۆ نموونە هاریس ژمارەی بەکارهێناوە، چۆمسکی بارِی بەکارهێناوە، جاکندۆفیش هێمایەکی (Prime)ی بەکارهێناوە و پێشنیازی ئەوەش دەکات، کە ژمارەی بارەکان لە ژمارەی (1)ەوە دەستپێدەکات، بەڵام زۆربەی سەرچاوەکان ژمارە (سفر)یان بۆ نزمترین ئاستی پرۆژەیەک (X0)، کە سەرەکەیە بەکارهێناوە. زۆربەی جاریش تەنیا (X)ەکە بەکاردەهێنرێت و ژمارە (سفر)ەکەی لەسەر دانانرێت، هەر سێ سیستەمەکەش بەرێگەی جیاواز باسی یەک شت دەکەن.

هێمای (X) ئاماژە بە کەتیگۆرییەکی فەرهەنگی دەکات، کە رەها بێت و نەبەستراوبێتەوە(بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن)، ئەویش لە کاتی شیکردنەوەی رستەیەکی دیاریکراودا، ئیتر بە بەکارهێنانی (X) ئاماژە بۆ کەتیگۆرە دیاریکەرەکان دەکرێت، لێرەدا (X) لەوانەیە ناوێک یان کارێک یان ئاوەڵناوێک یان ئاوەڵکارێک... هتد بێت(الدسوقي:2017: 21).

(X) توخمێکە بۆی هەیە فرەجۆر بکرێت و هەر سەرەیەکیش بێت بیگرێتەوە، جا ناو یان کار یان ئاوەڵناو یان ئاوەڵکار یان ئامراز... هتد بێت.

هێمای (x) ئاماژەیە بۆ ئەو رۆنانەی دیاریکەری مەبەستەکەن و بە (X) هێمایان بۆ دەکرێت، کە لە ماتماتیکەوە وەرگیراوە و بووەتە ناونیشانێک بۆ هێزی ئەم فرێزانە.

ئینجا بۆ ئەوەی ئاشنای ئەو شتانە بین، کە (X) ئاماژەیان بۆ دەکات، چەندین ئامراز هەن بۆ گەیشتن بەو مەبەستە، کە بەمجۆرە پوختیان دەکەینەوە:

1ــ جێناوکردن Pronounalization: واتای ئاماژەکردنە بە توخمی (X) بە بەکارهێنانی جێناوەکان، وەک لەم ڕستەیەدا دەردەکەوێت (کچە درێژەکەم بینی) (بینیم)، لەم حاڵەتەدا ڕستەکە لەڕووی ڕستەسازییەوە وەکخۆی دەمێنێتەوە.

2. گوێزانەوەی نێوان بۆشاییە ئەرکییە هەمەچەشنەکان، وەک:

کچە درێژەکە لێرەیە.

ئەوە کچە درێژەکەیە.

کچە درێژەکە دەناسم.

سڵاوم لە کچە درێژەکە کرد.

3-جێگۆڕکێ: واتای ئەوەیە لەجیاتی فرێزەکە بۆی هەبێ فرێزی دیکە لە هەمان دەوروبەر شوێنی بگرێتەوە، وەک ئەوەی لەجیاتی (کچێکی درێژ)، (گەنجێکی کورتەباڵا)دابنرێت، وەک لەم ڕستانەی خوارەوەدا:

گەنجە کورتەباڵاکە لێرەیە.

ئەوە گەنجە کورتەباڵاکەیە.

گەنجە کورتەباڵاکە دەناسم.

سڵاوم لە گەنجە کورتەباڵاکە کرد.

لێرەدا پێویستە وەک یەکەیەک مامەڵە لەگەڵ (کچە درێژەکە) و (گەنجە کورتەباڵاکە) بکرێت، کە خراونەتە بەر پرۆسەی جێناوکردن و گوێزانەوە و جێگۆڕکێ، ئەویش بە یەک جار، لەم حاڵەتەدا دەبنە یەکەی ئێکس باڕ(Robert:2010:6).

هەر توخمێک یان کۆمەڵە توخمێک بۆیان هەیە پرۆسەی جێناوکردنی بۆ بکرێت، یان لەنێوان بۆشاییە ئەرکییەکاندا بگوازرێنەوە یان جێگۆڕکێ لە توخمە زمانەوانییە یەکسانەکانیان یان جیاوازەکانیاندا بکرێت، بەڵام دەکەونە هەمان شوێنەوە و دەبنە یەکەیەک لە یەکەکانی (ئێکس باڕ) و دەبنە یەکەی ناوی یان کاری یان ئاوەڵناوی یان ئاوەڵکاری یان یەکەی ئامرازی هێڵدار، هەروەک لەم ڕستەیەدا دەردەکەوێت: کچێکی زۆر درێژ(girl very tall)(Robert:2010:6) .

کەواتە هێمای x بەرانبەر بە هەریەک لە ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار، کار، ئامراز.. تاد دەوەستێ، کە دەبنە سەرەی فرێزەکە، واتە وشەی خاوەن ئەرکی ڕێزمانین لەم ڕۆنانەدا، بەم شێوەیە پێکهاتەی هەموو فرێزێک خاوەنی سیمای ناوەکییە. لە دەستنیشانکردنی سەرەدا پێوەری سینتاکسی و مۆرفۆلۆجی بەپێی پێوەرەکان دەشێ سەرە ئەم سیمایانەی خوارەوەی هەبێت:

1. سەرە خاوەن پلەیەکی مۆرفۆسینتاکسی و هەڵگری نیشانەیەکی ڕێزمانی بێت، کە بۆ هەموو فرێزەکە بگەڕێتەوە.
2. دەسەڵاتی بەسەر کەرەسە شوێنکەوتووەکانی خۆی هەبێ.
3. لەڕووی کەس و ژمارەوە لەگەڵ کەرەسە شوێنکەوتووەکانی ڕێک بکەوێت(Haspelmath: 2002: 90).
4. پێناسەی ئێکس باڕ

تیۆری ئێکس باڕ (X-bar) مۆدێلێکی ڕێزمانییە، کە یەک ڕێسای هاوبەش لەنێوان کەتیگۆرییە جیاوازەکانی فرێزدا دەستنیشاندەکات (C.A.Black: 1998: 5).

تیۆری ئێکس باڕ تیۆرێکی بەرهەمهێنانی زمانە، کە (نەعۆم چۆمسکی) درکیپێکردووە، ئەم تیۆرە باس لە بونیادی ناوەوەی ڕۆنانی فرێز دەکات، بەجۆرێک جەختدەکاتەوە سەر تواناکانی بونیادی بنجی، کە سەرجەم زمانەکان تیایاندا بەشدارن، ئەم تیۆرە پێی وایە بونیادی فرێز بۆیان هەیە لە شێوەکانی: ناسراوی و سەرەی دووبارەکراودا دابنرێن، یان (ئێکس باڕ) ئەو تیۆرەیە، کە هەوڵدەدات هەمان بونیادی قووڵ بە فرێزەکانی ڕستە ببەخشێت. ئەم تیۆرە پێی وایە وێکچوونی دیاریکراو لە سەرجەم زمانەکاندا لەسەر ئاستی بونیاد بەدی دەکرێن، ڕستە لەم تیۆرەدا لە فرێزی ناوی و فرێزی کاری پێکدێت و هەر فرێزێکیش لە چەند توخمێکی بەشەکی پێکدێت. لەم تیۆرەدا ڕستە بۆ چەند پێکهاتەیەک پۆلێن دەکرێت، یان تیۆرێکە هەوڵدەدات بۆ نەخشاندنی ئەو کۆمەڵانەی لە سینتاکسدا بەکاردەهێنرێن و پێشی وایە فرێزەکان بە جێکەوتەی مەزن و جێکەوتەی ناوەند دروست دەبن، ئەمەش مەسەلەیەکە سەرجەم زمانەکانی جیهان تێیدا هاوبەشن(الدسوقي: 2017: 15 ـ 16).

ئەم تیۆرە بۆ پشکنینی تواناکانی بونیادی فرێزەکان لە زمانە سروشتییەکاندا گرنگ و پێویستە (Kornia:1999: 1) ، یان توخمێکە لە توخمەکانی تیۆری زمانەوانی، کە هەوڵدەدات سەر بۆ بونیادە فرێزییەکان دابنەوێنێت، کە ئەگەری ئەوە هەیە زمانە مرۆییەکان سەرتاپا بەشداربن، زمانە مرۆییەکان لە چەند وێکچوونێکی بونیادیدا هاوبەشن.

یان (ئێکس باڕ) سیستەمێکە لە سیستەمەکانی شیکردنەوەی ڕستەسازی، کە لە زمانەوانیی بەرهەمهێناندا پەرەی سەندووە، کە وەسفێکی لەجیاتی بوو بۆ وەسفە کارپێکراوەکەی بونیادی فرێز، ئەویش لەبەر ئەوەی بونیادی فرێز پێشتر بە ڕای پێشەنگەکانی ئەم ڕەوتە پێویستی بەوە هەبوو، پابەندبوونی زیاتر پەیڕەوبکات، لەم تیۆرەدا زۆربەی کۆمەڵەکانی گوزارشتکردن پێویستیان بەوەیە بەشێوەیەکی جودا لێیان تێبگەین، ئەویش لەمیانەی فرێزی ناویدا، لە جەنجاڵی ئەم هەوڵەدا ڕابەرانی ئەم ڕەوتە توانیان بگەنە کۆمەڵەکانی ناوەڕاست فراوانتر لە ناوەکە و تەسکتریش لە فرێزەکە وەک بەکارهێنانی ڕادە لەگەڵ ئاوەڵناوەکان، هەروەک لەم ڕستەیەدا:

ئۆتۆمبێلەکە زۆر خێرایە.

یان ئامرازێکی تایبەتە لە ئامرازەکانی ڕستەسازیی پێکهاتەکان، کە میتۆدێکە لە شیکردنەوەی ڕستە، کە پشت بە دابەشکردنی بۆ پێکهاتەکان دەبەستێت، ئەویش بەگوێرەی یاسای زۆر دیاریکەر، بۆ ئەنجامدانی ئەم جۆرە شیکردنەوەیە ، لێرەدا ڕستەیەک بەمشێوەیە شیدەکرێتەوە:

They Killed the man yesterday. ئەوان دوێنێ پیاوەکەیان کوشت.

ڕستەسازیی پێکهاتەکانیش بریتییە لە میتۆدی شیکردنەوەی ڕستە بۆ چەند بەشێک، ئەو بەشانەش بە دەوری خۆیان بۆ چەند بەشێکی بچووکتر دابەش دەبن، ئەویش لە پرۆسەیەکی بەردەوامدا تا دەگەینە قۆناغێک، کە پێکهاتەکان تیایدا ئیتر پەرت ناکرێن و داناتاشرێن. ئەویش بەوەی هەر پێکهاتەیەک لەم قۆناغەدا وشەیەک لەخۆدەگرێت، یان بەشێکی وشەکە لەخۆدەگرێت، بە مەرجێک ئەو بەشە واتادار بێت، لەم پرۆسەیەشدا ئەو ئەنجامەی دەستماندەکەوێت، گوزارشت لە بونیادی پێکهاتەی ناوەندی هەرەمی ڕستەکەی بەردەستمان دەکات.

## 2: جۆرەکانی فرێز بەپێی تیۆری ئێکس باڕ لە زمانی کوردیدا

دروستە و هێڵکاری گشتیی فرێز بەپێی تیۆری (X–bar) لە زمانەکاندا بەشێوەیەکە، کە کەتیگۆریی لوتکەکە دوو باڕی هەیە($X^=$)، کە بە (XP)یش دەنوێنرێت. کەتیگۆریی جووتباڕ جێکەوتە مەزنەکەیە، کە ئاستی گەورەترین دروستە تیایدا ڕێگەپێدراو نییە. ئەم کەتیگۆرییە(کەتیگۆریی جووتباڕ) کەتیگۆرییەکی تاکباڕ($X^-$) لەخۆدەگرێت، کە لە دروستەی فرێزدا جێکەوتەی ناوەندییە، هەر کەتیگۆرییەکی تاکباڕیش کەتیگۆرییەکی سفرباڕ / بێباڕ ($X^0$)ی تێدایە( والی: 36:2023)، کە دەکرێت بەبێ ژمارە سفریش، واتە بەم شێوەیە(X) بنووسرێت، کەتیگۆری سفرباڕ سەری ڕێزمانیی جێکەوتەی فرێزە، واتە توخمی پرۆژەسازدەرە، بۆیە نوێنەرایەتیی هەر کەتیگۆرییەک دەکات، کە وەک سەری ڕێزمانی، جێکەوتەی سینتاکسیی فرێز بونیاد بنێت(Newson:1997:139-140).

جۆرەکانی فرێزی کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکان و کەتیگۆرییە ئەرکییەکان، بەجۆرێک فرێزی کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکان، کە (N,A,V,P) لەخۆدەگرن، بەڵام فرێزی کەتیگۆرییە ئەرکییەکان پێکدێ لە : تەواوکار، دیارخەری، دیاریکەر، کات، ڕێککەوتن و ئامرازی نەرێ و هی تر دەگرێتەوە(Saleemi: 1992: 15).

لە تیۆری ئێکس باڕ X barدا بەپێی سەرە، دوو جۆر فرێز جیادەکرێنەوە، فرێزی فەرهەنگی و فرێزی ئەرکی، فرێزی فەرهەنگی سەرەکانیان کەتیگۆری فەرهەنگین، وەک فرێزەکانی (ناوی، ئاوەڵناوی، ئاوەڵکاری، پێشناوی، کاری). فرێزی ئەرکیش ئەو فرێزانەن، کە سەرەی فرێزەکانیان نیشانە یان ئامرازن، کە (فرێزی دیاریکەری، فرێزی کات و کەس، فرێزی تەواوکەری، فرێزی بەستنەوە) دەگرنەوە. هەردوو فرێزی ئەرکی (CP, IP) دەچنە سنووری ڕستەوە و جۆرێکن لە ڕستە، IP بۆ ڕستە دانراوە، زۆرجار هێمای (S)یش بۆ بەکاردەهێنرێن، (CP)ش بۆ ڕستەی پاڕستەی دانراوە.

1. فرێزی لێکسیکی یان فەرهەنگی

لە لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانی تیۆری ئێکس باڕدا جۆرەکانی فرێزە فەرهەنگییەکان جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ڕێزمانی

گوێزانەوەدا نەبوو، تەنیا ئەوە نەبێ کە هێڵکاری دووانەیی و زاراوەکانی سپێک، تەواوکار و سەربار بەکاردەهات، واتە بنەمای دەستنیشانکردنی وشەی سەرە هەروەک خۆی بوو. (ڕۆنانی فریزەکان لە هەر ئاستێکدا بن پرۆژەیەکی فەرهەنگین، بەپێی ئەو زانیارییانەی لەناو یەکە پێکهێنەرەکانی فەرهەنگدا هەڵگیراون ڕۆدەنرێن)(قادر:2015: 28). بریتین لە:


1. فریزی ناوی

لە زمانی کوردیدا فریزی (NP) لەڕووی مۆرفۆلۆجییەوە ئاڵۆزە، لە سادەترین شێوەدا وەک تاکە ناوێک دەردەکەوێت (Fattah: 1997, 196؛ قادر: 2009، 48)، بۆ نموونە:

NP
↓
N
↓
N
هەردی

یاخود فریزی ناوی ''N بەخورتی سەرێک لەخۆدەگرێت، کە لە فریزەکەدا وشەی سەرەکییە، دەشێت سەرەکە تەنیا یەک ناوی تایبەتی، جێناوی سەرخۆ بێت و دەشێت تەواوکەرێکیش وەربگرێت، کە ناوی گشتی بێت( مەعروف: 2010: 85 - 86). وەک:

فەرهاد
دەستی فەرهاد
دەستی تۆ




یاخود فریزی ناوی لە سەرەیەکی ناو و چەند دەرخەرێک پێکدێت، دەرخەر یەکێک دەبێت لەمانە: وشەی ڕادە و ژمارە، ئامراز ی نیشانە، ناوێکی تر، ئاوەڵناو، جێناو (کەسی و خۆیی). وەک تێبینیدەکرێ دەرخەر شوێنی (سپێک)ی گرتووە، بەڵام پاشان تێبینی ئەوە کرا ئەمە بەنیسبەت ئامرازی نیشانە و هەندێک کەرەسەی تر گرفتی فرە سەرەیی (Headedness) دێنێتە ئاراوە، چونکە ئەو کەرەسە سینتاکسییەی لەگەڵ سەرەیەکدا کۆدەبێتەوە، تەواوکارە، نەک سپێک. هەژماردنی نیشانە بە فریزێکی تەواوکاری جێی گومانە. کەواتە لەم بارەدا کامەیان وشەی سەرەیە: دەرخەر (نیشانکەر)ەکە یان ناوەکە. تیۆری ئێکس باڕ وای بۆ دەچێت لەبەر ئەوەی نیشانکەر ناتوانێت بەهۆی کەرەسەیەکی ترەوە (دەرخەر) وەسفبکرێت و دەرخراویش سیمایەکی بە فریز بوونە، هەروەها لەبەر ئەوەی ناو دەشێت وەک دەرخراو دەرکەوێت (کچی جوان)، کەواتە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە نیشانکەر بە سەرەی فریزەکە دابنێین نەک ناوەکە( حاجی:2009: 65).

کەواتە فریزی ناوی ئەو جۆرە فریزەیە، کە سەرە ڕێزمانییەکەی لە سادەترین شێوەدا ناوێکی تایبەتی یان جێناوێکی سەربەخۆیە، واتە لە ($N^0$) دەستپێدەکات، کە لە جێکەوتەی فریزی ناویدا دەردەکەوێت و هەمان ئەرکی فریزی ناوی هەیە، بەڵام ناوی (گشتی، کۆنکریت، ئەبستراکت) بەهۆی (هێز)ەوە دەرکەوتنیان لە هەمان جێکەوتەدا ئەو ئەرکەیان دەداتێ( مەعروف:2010: 15)، وەک:

**ڕزگار** بۆ زانکۆ چوو.
**ئەو** بۆ زانکۆ چوو.

**کوڕەکە** نانی خوارد.

پیاو بۆ نیشتمانەکەی لەدایکدەبێت.

پڵنگ ئاژەڵێکی گۆشتخۆرە.

هێز لە یەکگرتندایە.

دەشـێ فرێزی ناوی لە سـەرە و تەواوکاریش پێکبێت، بەڵام ئەو ناوەی دەبێتە سـەرەی ڕێزمانی ئەم فرێزە ((ناوی تایبەتی کەس و شوێن و جێناوە سەربەخۆکانن)) ( مەعروف:2020: 11)، وەک:

چیای سەفین

هەناری ترش

کچی ئەو

لە فرێزی ناوی سادەدا وشەکە خۆی دەبێت بە سەرە، نە دیاریکەر و نە دیارخەری هەیە، واتە لە نواندنی سینتاکسیدا N بێ لقە، بەڵام ئەگەر ناوێکی گشـتی وەربگرین و لە سـنووری وشـەدا گەورە دەبێت، بەهۆی پێشـگر و پاشـگرەوە، واتە وشەی تری بۆ زیاد دەکرێت وەک دیاریکەر و دیارخەر (Haegeman: 1994: 101).


$NP \rightarrow Spec, N^{-}$


$N^{-} \rightarrow N^{-}; XP$

$N^{-} \rightarrow N; XP$

–

فرێزی ناوی جێکەوتەی مەزنی ناوە، لەوانەشـە یەک دیاریکەری تاک لەخۆبگرێت (فرێزی دیاریکەری DP) و لەوانەشـە ژمارەیەک تەواوکار و سـەرباریش لەخۆبگرێت بەپێی پێویسـت، وەک: **(کتێبی بەسـوود، خاوەن بەرگە شـینەکە، لەسـەر میچەکە، لای ڕاستی زەمبیلەکە....).**




بەم شـــێوەیە لەم تیۆرەدا هەموو فرێزێکی ناوی و جێناوی بە فرێزی دەرخەری(DP = Determiner phrase) دەژمێردرێت(Andrew:1997:258) ، تەنانەت ئەگەر دەرنەکەوتووش بێت وەک لە ناوە تایبەتییەکان بۆ نموونە (شێروان) شوێنەکەی بە مۆرفی ɸ پڕ دەکرێتەوە (Roberto:2002:30-40).

شێروان

ئەم کچە

کەواتە وشەی سەرە شوێنی پێشەوە دەگرێت، واتە فرێزەکە سەرە ـــ سەرەتایە. بەم شێوەیە فرێزی دەرخەری شوێنی فرێزی ناوی لە ڕێزمانی گوێزانەوەدا گرتەوە و ڕیزبوونی کەرەسەکانی لە شێوەی سەرە ـ سەرەتادایە.

## 2 ـ فرێزی ئاوەڵناوی

فرێزی ئاوەڵناوی ئارگۆمێنتێکی ڕۆنانی ناوەڕاستە، یان دەبێتە بەشێک لە فرێزی کاری VP، یان بەشێک لە NP، واتە دەچێتە ژێر VP یان NP. یاحود فرێزی ئاوەڵناوی لە سەرەیەک پێکدێن، کە ئاوەڵناوە و فرێزێکی ناوی / فرێزێکی دیاریکەریی دەبێتە تەواوکەری ( قادر: 2009: 40).

ئاوەڵناو کاتیگۆرییەکی فەرهەنگییە، سەرەی فرێزی ئاوەڵناوییە، چونکە وەک سەرەیەکی ڕێزمانی و کاتیگۆرییەکی حوکمکەر لەڕێی مۆرفیمی خستنەپاڵەوە حوکمی ناوەکەی پێش خۆی دەکات و دۆخی ڕێزمانی خستنەپاڵی پێدەبەخشێت( فەتاح:2006: 65).

سادەترین شێوەی لە ئاوەڵناوێکی سادە پێکدێت، وەک (جوان). هەندێجاریش دەچێتە ناو فرێزی ناوییەوە، وەک فرێزێکی ئاوەڵناوی دەبێتە دیارخەری سەرەی ناوییەکە. واتە فرێزی ئاوەڵناو دەتوانێت دەرخەر وەربگرێت، کە بەزۆری وشەکانی ڕادە و نیشانەی پلەی بەراورد و باڵایە، کە شوێنی سپێک دەگرنەوە، وەک لەم نموونانەدا:

زۆر ماندوو

زۆر خێرا

گەلێک زیرەک

تۆزێک لەسەرەخۆ

منداڵێکی ساوا

منداڵێکی زۆر ساوا


هەروەها دەشکرێت بەهۆی ڕادە و مۆرفیمی بەراوردی (تر) زیاتر فراوانتر بکرێت ( فەتاح: 2010: 317).

منداڵێکی زۆر ئازا و چالاک بوو.


(زۆر جوان، زۆر جوانتر)


فرێزی ئاوەڵناوی جێکەوتەی مەزنی ئاوەڵناوە، کە لەوانەیە تەنیا تاکە دیاریکەرێک AP لەخۆبگرێت، بەپێی پێویستیش سەربار و تەواوکارەکان لەخۆدەگرێت. **(کتێبە زۆر گەورەکە، کتێبە گەلێک بەسوودەکە،....).**


کوڕە زۆر زیرەکەکە




کتێبە زۆر گەورەکە






لە فرێزی ئاوەڵناویدا سەرە هەڵگری زانیاری واتاییە، لەم بارەدا ئاوەڵناو وەک پریدکاتێک ـ ئارگۆمێنت ـ داواکەر هەڵگری زانیاری واتاییە( محەمەد و عەلی:2023: 563)، کە لە نواندنە سینتاکسییەکاندا دەخرێتەڕوو، بۆ نموونە (ژنی دووگیان، کچی ســـەلار، .....) ئاوەڵناوەکە لەڕووی واتای زایەندەوە ـــــ ڕەگەزـــــ تەنیا ئارگیۆمێنتی (ـــــ نێر)ەکان هەڵدەبژێرێت(مەعروف:2020: 132). لە هەمان کاتدا ئاوەڵناو وەک ســـەرە بوونی خورتییە، بەڵام پلە ســـەرپشـــکییە، و تەواوکاری ســـەرەکانیش بوونیان خورتییە بەپێی کاتیگۆری ســـەرەکان داوادەکرێن، بۆیە لەم فرێزەدا (NP)و(PP) وەک تەواوکار لەلایەن ئاوەڵناوەکەوە داوادەکرێن و بوونیان خورتییە( محەمەد و عەلی:2023: 563).

لە فرێزی ئاوەڵناویدا سەرە هەڵگری زانیاری واتاییە، لەم بارەدا ئاوەڵناو وەک پریدکاتێک ـ ئارگیۆمێنت ـ داواکەر هەڵگری زانیاری واتاییە(محەمەد و عەلی:2023: 563)، کە لە نواندنە ســـینتاکســـییەکاندا دەخرێتەڕوو، بۆ نموونە (ژنی دووگیان، کچی ســـەلار، .....) ئاوەڵناوەکە لەڕووی واتای زایەندەوە ـــــ ڕەگەزـــــ تەنیا ئارگۆمێنتی (ـــــ نێر)ەکان هەڵدەبژێرێت(مەعروف:2020: 132). لە هەمان کاتدا ئاوەڵناو وەک ســـەرە بوونی خورتییە، بەڵام پلە ســـەرپشـــکییە، و تەواوکاری ســـەرەکانیش بوونیان خورتییە بەپێی کاتیگۆری ســـەرەکان داوادەکرێن، بۆیە لەم فرێزەدا (NP)و(PP) وەک تەواوکار لەلایەن ئاوەڵناوەکەوە داوادەکرێن و بوونیان خورتییە(محەمەد و عەلی:2023: 563).

بەپێی تیۆری ئێکس باڕ دەبێت ئاوەڵناو لە فرێزی ئاوەڵناویدا وەک ســـەرە دیاریبکرێت، بەجۆرێک بۆ ئەوەی پێشـــێلی بنەماکانی ئەم تیۆرە نەکرێت، چونکە بەپێی یەکێک لە بنەماکان بەرهەمهێنانی پرۆژەی فرێز لە زمانی مرۆڤدا بەهۆی سەرە و تەواوکارەوەیە( سەعید:2019: 61)، هەروەها بە ڕێسای (سەرە ـــ کۆتا) سەرەی ڕێزمانی فرێزەکەیە و بەهۆی (ی) خســـتەپاڵی لەلای چەپەوە بۆ لای ڕاســـت حوکمی ناوەکە دەکات و دۆخی خســـتنەپاڵی ئاوەڵناوی پێدەدات، و هەمان هەڵســـوکەوتی ســـینتاکســـی دیارخەری (ەکە، وشـــەی نیشـــانە)ی هەیە، ســـیمای (+ ناســـراوی) بە ناوەکە دەدات و دەرخراوەکەی کە ناوی گشتییە دەکاتە فرێز(مەعروف:2010: 46).


یاساکانی فرێزی ئاوەڵناوی لە زمانی کوردیدا بەم شێوەیەی خوارەوەن:

a- AP → A⁻ Spec

b- A⁻ → Q A⁻

c- A⁻ → PP A⁻

d- A⁻ → A Comp





## 3 ـ فرێزی پێشناو (بەند)

پێشـــناوەکە ســـەرەی فرێزەکەیە، هەمیشـــە لەپێش تەواوکارەکەی دێت، واتە فرێزی بەند لە زمانی کوردیدا ســـەرە ـ سەرەتایە، ئەمەش لە ڕاستیدا لادانە لە بنەمای زمانەکانی SOV، کە دەبێ فرێزی بەندیان سەرە ـ کۆتا و سپێک ـ سەرەتا بێ، فرێزی بەند دەرخەر وەرناگرێ و تەواوکارەکەی پێویستییەکی پێشناوەکەیە.

فرێزی پێشـناوی لە سـەرەیەک پێکدێت، کە پێشـناو Prepositionە و (N'') دەبێتە تەواوکەری ( Sproat, R& et al: 2007: 2). لە فرێزی پێشناویدا سەر سەرەتایە، واتە پێشناوێک دەبێتە سەرەی فرێزەکە و ئاراستەی حوکمکردنەکەی لە ڕاستەوە بۆ چەپە. ( قادر: 2009: 69).

بە چاو

ئاکۆ نامەی بۆ هاوڕێکەی نارد




پێشـبەندەکان(ئامرازی پەیوەندی) هەمیشـە داوای NPیەک دەکەن، کە سـادەترین شـێوەی فرێزی بەند لە پێشـبەندێک و ناوێک پێکدێت، بۆ ئەوەی فراوان بکرێت، هەندێ جار کەرەستەیەکی ڕادەی پێشدەکەوێت.نامەکەی <u>بە دەست</u> نووسی.

فرێزی بەند لە ئامرازێک و فرێزێکی ناوی پێکدێت (Randolph Quirk& sidney Green baum:1973:143)، واتە جێکەوتە و ئەو بۆشاییەی دەکەوێتە دوای ئامرازەکەوە، شوێنی فرێزێکی ناوییە، بەم شێوەیە.

P ← N + Prepositio

ئامراز لە دروستەی فرێزی بەنددا سەرەیەکی حوکمکەرە، ئاراستەی حوکمکردنەکەشی بەپێچەوانەی سەرە ڕێزمانییەکانی دیکەوەیە، چونکە لە ڕاستەوە بۆ چەپ حوکمی فرێزێکی ناوی دەکات (Zeydan:2002:16).

کەواتە فرێزی بەند ئەو فرێزەیە، کە لە ئامرازێک و فرێزێکی ناوی پێکدێت، ئامرازەکانیش بریتین لە ئامرازە سینتاکسییەکانی (لە، بۆ، بە، تا، وەک) و ئامرازە فەرهەنگییەکانی (پێ،تێ، لێ) لە سینتاکسدا دەبنە سەرەی ڕێزمانی و فۆرمەکەیان دەشکێتەوە بۆ (لە، بە) ( محەمەد و عەلی:2023: 558)، فرێزە بەندییەکە دەبێتە بەشێکی بنجی لە فرێزە کارییەکە( علی:1998: 22). لە هەردوو حاڵەتدا ئامراز دەبێتە سەرەیەکی حوکمکەر و لە حوکمکردنیشدا پێچەوانەی سەرە ڕێزمانییەکانی تر دەوەستێت و سەرەکە لە ڕاستەوە بۆ چەپ حوکمی تەواوکارەکەی دەکات(عەبدولڕەحمان:2009: 89)، و سەرە سەرەتایە، لەبەرئەوەی هەمیشە سەرە ڕێزمانییەکان دۆخ دەدەن بە تەواوکارێکی سینتاکسی، بۆیە دەگونجێ A’, D’, N’ ببێتە تەواوکار بۆ ئامرازەکە.

هەروەها فرێزی بەند دەشێ فرێزێکی ڕادە وەک سەربار وەربگرێ، پێشناوەکان دەشێ پاشبەند وەرگرن، وەک:

لە .....ەوە

لە.....دا

لە.....ڕا


بە....ەوە

بە.....دا

لە.....ڕا


فرێزی بەند جێکەوتەی مەزنی ئامرازە، کە لەوانەیە یەک دیاریکەری تاک (فرێزی بەند) لەخۆبگرێت، و چەند سەربار و تەواوکارێکیش بەپێی پێویست لەخۆدەگرێت

**(کتێبە بەسودەکە لە کتێبخانەکەیە، کتێبە بەسودەکە لە هۆڵەکەیە، نزیکە لە ژوورەکە).**




هەندێ جار PP لەپێشەوە فراوان دەکرێت، کە زۆربەی جار دەبێتە بەشێک لە VP، دەتوانین بڵێین لەناو VPدا فرێزێکی بەند هەیە، یان شوێنی ڕوودانی کارەکە دەخاتەڕوو.

گوللەکە ڕێک بەر سەری کەوت.




پیاوەکە لە ماڵەوە دارتاشی دەکرد.




ئامرازی پەیوەندی/ پێشبەند لە دروستەی ئەم جۆرە فرێزەدا هەمیشە تەواوکەرێکی هەیە، واتە دروستەکە لە سەرە و تەواوکەر پێکدێت، بەڵام ئامرازی پەیوەندی بەبێ ئەو تەواوکەرە، کە فرێزێکی ناوییە، هیچ گۆکردنێکی نییە، بەو واتایەی ڕێگەنەدان و نادروستی و بەتەنها هاتنی ئامراز و تەواوکەرەکەی، لەم نموونەیەی خوارەوە ڕووندەکەینەوە:

1ـ کراسەکەم <u>لە ئازاد</u> کڕی.

ب - * کراسەکەم <u>لە</u> کڕی.

پ - * کراسەکەم <u>ئازاد</u> کڕی. ( مەعروف: 2010: 66 ـ 67).

کەواتە دروستەی فرێزی بەند دروستەیەکی سادەیە و بەشەکانی وابەستەی یەکترین، نەبوون و قرتاندنی هەر یەکێکیان، دروستەیەکی نادروست دێنێتە کایەوە (zeydan: 2002:16)، واتە پەیوەندی ئامراز / پێشبەند و تەواوکەرەکەی لە فرێزی بەندا پەیوەندییەکی نەپچڕاو و لێکنەترازاوە. ( مەعروف: 2010: 67).

هەروەها بەپێی ئەو زانیارییە فەرهەنگییەی بۆ ئامرازەکان / پێشناوەکان وەک سەرەیەکی ڕێزمانی خرانەڕوو، دەبێت ئامرازەکە تەواوکەری لە چەشنی X هەبێت، واتە فرێز بێت و دۆخی پێبدات، بۆیە ئەو تەواوکەرانەی لە خوارەوە هێڵیان بەژێردا هاتووە، دەتوانرێت بکرتێن، بەڵام ئەوانەی فۆرمی گۆڕاوی (پێ، تێ، لێ)ن دەبن بە بەشێک لە کارەکە و دۆخدارن و ڕۆڵی تەواوکەر دەبینن، کەواتە بەم شێوەیەی شێوازبەند دەکرێن: ( قادر: 2015: 34).

$P^{-} \leftarrow N^{-} + P$

بۆیەکەم <u>لە سلێمانی</u> کڕی.

P⁻ ← A⁻ + P

بۆیەکەم به کورێکی قۆزدا نارد.

P⁻ ← D⁻ + P

بۆیەکەم بۆ کورەکە برد.

سەر سەرەتایی لە پێشناوەکاندا ڕێسایە و ئەگەر زمانێک خۆی سەر سەرەتایی بێت، ئەوا پێشناوەکەی لەگەڵ سەرە ڕێزمانییەکانی تردا لە ئاڕاستەی دۆخداندا وەکیەکن، بەڵام ئەگەر زمانەکە سەرە کۆتایی بێت، ئەوا بەپێچەوانەی سەرە ڕێزمانییەکانی ترەوە، پێشناو دەبێت بە سەرە سەرەتا ( قادر: 2015: 34 ـ 35).


## 4. فرێزی ئاوەڵکاری


سەرەکەی ئاوەڵکارە و دەرخەرەکەی بریتییە لە فرێزی ڕادە، کە ئەویش شوێنی سپێک دەگرێتەوە، وەک:

زۆر خێرا هات.

نازەنین جوان دەڕوات.

فرێزی ئاوەڵکاری جێکەوتەی مەزنی ئاوەڵکارە، کە لەوانەیە تاکە دیاریکەرێک لەخۆبگرێت، واتە (فرێزێکی دیکەی ئاوەڵکار)، بەهەمان شێوەش چەند سەربار و تەواوکارێکیش بەپێی پێویست لەخۆدەگرێت. وەک: **(سەرەوەی باڵەخانەکە، لەژێر ئاوەڵکە، لەناو سندوقەکە....).**




## 5 ـ فرێزی کاری

ڕەگی کار($V^0$) دەبێتە دروستکەری پرۆژەی فرێزی کاری، چونکە ڕەگی کار زانیاریی سینتاکسیی و واتایی تێدایە، لەبەرئەوەی کار لە زمانی کوردیدا لە سینتاکسدا لە ڕەگ و کات و کەس(ڕێکەوتن) پێکدێت، هەر توخمێکیش لەوانە پرۆژەسازدانی خۆیان هەیە، تاف پرۆژەی فرێزی کاتی (T) سازدەدات، Agr پرۆژەی ڕێککەوتن Agr'' سازدەدات، بۆیە ڕەگی کار پرۆژەی (V'') سازدەدات و سەرەی فرێزەکەیە( مەعروف و قادر:2011: 419 ـ 420).

کار وشەی سەرەیە و بەرکار وەک تەواوکار و فرێزی بەند و فرێزی ئاوەڵکاری وەک سەربار وەردەگرێت، بەڵام

بەنیسبەت سپێک تیۆری ئێکس باڕ وای بۆ دەچێت، کە لە فرێزی کاریدا شوێنەکەی بەتاڵە، بۆ ئەوەی پاشان فرێزە ناوییەکی تر بۆ وەرگرتنی ئەرکی بکەری بۆی بەرزبکرێتەوە، بۆ نموونە:

**نانەکە لەسەر مێز بخۆ.**

کەواتە فرێزی کاری ئەو فرێزەیە، کە ڕەگی کار و سەرە ڕێزمانییەکەیەتی، چونکە ڕەگی کار دروستکەری فرێزی کارییە، زانیاری سینتاکسی و واتایی تێدایە و بەهۆی ڕەگەوە کاتیگۆرییەکانی فرێزی کاری دیاریدەکات(مەجید:2016: 81).

بەشی سەرەکیی لە فرێزی کاریدا، کارە، بەڵام چەند کەرەسەیەکی تر لە پێکهاتەکەیدا هەیە، بوونی ئەو کەرەسانەش بەپێ زانیارییە سینتاکسییەکان دەبێت، کە لە فەرهەنگدا بۆ توانای ڕەگی کارەکان دیاری کراون، بۆ نموونە هەندێک کار هەن، کە کارە تێنەپەڕەکانن، لە فەرهەنگدا هیچ تەواوکارێکیان بۆ دیاری نەکراوە(قادر:2015: 81).


شیکردنەوەی فرێزی کاری بەپێی ئێکس باڕ بۆ زمانێکی وەک کوردی زۆر وردە و دادەبەزێتە خوار وشە و بۆ ئاستی مۆرفیم، کە دژی شێوەیەکی کورتکراوەی ڕستەیە لە زمانی کوردی و زمانە مۆرفۆسینتاکسییەکاندا.

خەوتم سەرە(خەو) + کات (ت) + ڕێکەوتن (م)


لە کاردا ڕەگ هەڵگری چەمکی ڕووداوەکەیە و هەموو مۆرفیمەکانی تر لە دەوری ئەودا کۆدەبنەوە.

لە ئێکس باڕدا هەموو کەرەستەیەکی نێو فرێزی کاری شوێنی خۆی هەیە:

دەتانبینم





لە کاتی شیکردنەوەی ڕستەدا بەپێی (IP) بکەری ڕستە لە شوێنی (Spec)دا دەبێت و ئەگەر کاری ڕستەکە تێنەپەڕ بێت، بکەر لەلایەن تاف و ئەگریمێنتەوە دۆخی نۆمینەتیڤی پێدەدرێت، بەڵام ئەگەر هاتوو کاری ڕستە تێپەڕبێت، ئەوکاتە دۆخی کۆزەتیڤی لەلایەن ڕەگی کاری ڕستەوە دەدرێت بە بەرکاری ڕاستەوخۆ، چونکە حوکمی دەکات و بەپێی تایبەتمەندی زمانەکانیش بوون و نەبوون نیشانەی دۆخ دەگۆڕێت، هەر بۆیە دەتوانین (IP) بەکاربهێنرێن بۆ دیاریکردنی دروستەکانی ڕستە و ئاماژەدان بە هەردوو مۆرفیمی کات و کەس. لە هێڵکاری درەختیشدا شوێنی دیاریکراویان بۆ دابنرێت.





بەپێی تیۆرەکەی (کاین) هەموو زمانەکان ڕیزبوونی سپێک سەرە ـ تەواوکار (S-H-C)، واتە (بکەر کار تەواوکەر)ی (Subject – Initial) و سەرەش سەرەتایە (Head-intial)، بەڵام تەواوکار دەکەوێتە کۆتایی. (H-C) وەک کار و تەواوکار وەردەگیرێت، هەموو زمانەکان بەشێوەیەکی بنچینە (Base)یی (Vo)ن، Spec بە سەربار (Adjunct) دادەنرێت، واتە دروستەی سەرە ـ تەواوکار (H-C) بەپێویست دادەنرێت لە دروستەی فرێزدا (Chomsky: 1995: 334 – 335) هەرچەندە زمانی کوردی (Vo) نییە، بەڵکو ڕیزبوونی (oV)ی هەیە، بەڵام بەپێی تیۆرەکەی کاین (LCA) ئەو زمانانەی کە ڕیزبوونی (SVO)یان نییە، بەڵکو ڕیزبوونی SoV وەک زمانی کوردی، oVS وەک زمانی یابانی، VSO وەک زمانی عەرەبییان هەیە، لە ئەنجامی چالاکی جووڵانەوە ئەم ڕیزبوونانەیان هەیە، ئەگینا هەموو زمانەکان لە بنچینەدا (SVo) بوون یان ڕیزبوونی (Vo)یان هەبووە، کەواتە ڕیزبوونی (SoV)ی زمانی کوردی، لە ئەنجامی جووڵانی بەرکاری ڕاستەوخۆیە لە شوێنی بنچینەیی خۆیەوە بۆ شوێنی پێش سەرە ( قادر: 2011: 125)

ڤیان دەنووسێت نامە.

ڤیان نامە دەنووسێت.




ئەگەر گریمانەی LCA لە زمانی کوردیدا جێبەجێ بکەین، ئەوا دەردەکەوێت، کە ئەم ڕستەیەی سەرەوە ڕیزبوونی (SVo)ی هەیە، کە ئەمەش پەیڕەوی LCA دەکات، چونکە DPی (ڤیان) وەچە ئاراستەی ئەسیمەتری کاری (دەنووسێت) لەگەڵ DPی (نامەکە) دەکات، بۆیە پێش هەردووکیان
کەوتووە، هەروەها کاری (دەنووسێت) وەچە ئاراستەی ئەسیمەتری DP (نامەکە) دەکات، چونکە پێشیکەوتووە.




لەم نموونەیەی سەرەوەدا (LCA) ڕازیناکات، چونکە ڕیزبوونی (SVo)ی نییە، ئەم لادانەش لە LCA دەبەسترێتەوە بەوەی، کە لە ئەنجامی جووڵانەوەی بەرکار لە شوێنی خۆیەوە بۆ پێش سەرە جووڵاوە، ئەم جووڵانەوەش بەپێی تیۆری مینیماڵ پرۆگرام MP جووڵانێکی ئاشکرایە، چونکە لەپێش شەقبوون ڕوویداوە. ( قادر: 2011: 125 ـ 126).

V''

↓

V'

↓

$V^0$


↓

خەو


دروستەی ئارگۆمێنتی کاری تێپەڕ لە (VP)یەکەیدا جێکەوتەیەکی بۆ ئارگۆمێنتێکی ناوەکیی هەیە، کە دۆخی ڕێزمانیی بەرکاریی لەلایەن ڕەگی کارەکەوە پێبەخشراوە، بۆ چێوەی وەچە ـ پۆل و دیاریکردنی ئەم کارانە.


**کوڕەکە نانەکەی خوارد**

لەم نموونەیەدا لە VPدا ئارگۆمێنتە ناوەکییەکە NP نانەکە ڕۆڵی بابەتانەی < کارتێکراو >ی پێبەخشراوە.




فرێزی کاری جێکەوتەی مەزنی کارە ســـەرەکییەکەیە یان کۆمەڵە کارێکە (نەک کاری یاریدەدەرەکە)، کە لەوانەیە کارێکی دیاریکراو تاکێک (بکەری گوزارشتکردن) و تەواوکار و سەربارە هەمەچەشنەکان بگرێتەوە، کە زۆر پێویستن و شوێنی دیاریکەری فرێزە ناوییەکە (VP) لە یەک حاڵەتدا دەگرێتەوە، کە ئەگەر (کاری یاریدەدەر) بوونی نەبێت (لەم حاڵەتەدا بکەرەکە لە دیاریکەری فرێزی کارە یاریدەدەرەکەدا بەرجەســـتەدەبێت، یان لە کاتێکدا بکەرەکە یەک کەرەســـەی وەرنەگرتبێت، چونکە لەم حاڵەتەدا ئاماژەی بۆ دەکرێت، بەوەی سەرباری فرێزی (بەستنەوە)یە، لەبەر ئەوەی لێرەدا هیچ جیاوازییەکی ڕۆنانی لەنێوان تەواوکارەکاندا نییە (جا ڕاســتەوخۆ یان ناڕاســتەوخۆ بێت)، ئەو جۆرە جیاوازییە بە هەمان شـــێوە لەنێوان ســـەربارەکانیشـــدا نییە، لێرەدا هەمیشـــە ئاماژەی بۆ دەکرێت، کە چەند تەواوکارێکن بۆ چەند کارێکی بەستنەوە Linking.




لە دروســتەی VPدا، دروســتەی ئارگۆمێنتی کار بەپێی هێزی کارەکە چێوەی وەچە ـــــ پۆل دیاریکردنەکەی دەگۆڕێت، ئەگەر کارەکە تێنەپەڕ بوو، ئەوە دروســتەی ئارگۆمێنتی کارەکە لە VPدا هیچ جێکەوتەیەکی بۆ ئارگۆمێنتی ناوەکی نییە،

بەڵام دەشێت ئارگۆمێنتی سەرپشکی لە VPدا دەربکەون. چێوەی وەچە ـ پۆل دیاریکردنی ئەم کارانە بە شێوەی V، Ø، (ـــــــــ)ە.

خەوتن / هاتن

منداڵەکە خەوت Ø.

منداڵەکە لە بێشکەکەدا خەوت Ø.

## ئەنجامەکان

– ئێکس باڕ لە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا GB پەیوەندی بە دروستەی فرێزەوە هەیە.

– پارامێتەری سەرە بابەتێکی زۆر گرنگە لە تیۆری ئێکس باڕ لە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا، بەجۆرێک پارامێتەری سەرە دوو جۆر لە پارامێتەری جیاکردۆتەوە. (سەرەی سەرەتا و سەرەی کۆتایی).

– لە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە کارەکان لە فەرهەنگدا لە فۆرمی (ڕەگ)دا دەچنە ناو ڕستە و فرێزەکانەوە، بەبێ گەردانکردنیان بۆ مۆرفیمە ئەرکییەکانی وەک تاف و ڕێکەوتن و لە ئەنجامی جووڵەوە لە دروستەی ڕستەدا، مۆرفیمەکانی تاف و کەس وەردەگرن.

– فرێزی ڕێککەوتن (AGRP) لە کۆتاییەکانی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا ڕۆڵێکی گرنگی لە دروستەی فرێزدا پەیداکرد.

## سەرچاوەکان

### سەرچاوە بە زمانی کوردی


– حاجی، ڤیان سلێمان (2009)، کەرەسە بەتاڵەکان لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە(شێوەزاری کرمانجی سەروو)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

– ساڵح، ئاوات قادر(2015)، ڕێککەوتنی سینتاکسی لە زمانی کوردی و فارسیدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

– سەعید، سازان زاهیر (2019)، نواندنی سینتاکسی لە زمانی کوردیدا، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زمان زانکۆی سلێمانی.

– عبدالله، عزیز خالد (2023)، هەژموونی کردار لە زمانی کوردیدا لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە، نامەی ماستەر، بەشی کوردی، کۆلێژی زمان ـ زانکۆی سلێمانی.

– علی، طالب حسێن (1998)، هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لە کوردیدا، تێزی دکتۆرا، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین.

– عەبدولڕەحمان، عومەر ئەحمەد (2009)، فرێزی بەند لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین.

– فەتاح، شنە جەبار (2006)، ئاوەڵناو وەک کەرەستەکی فەرهەنگی و سینتاکسی لە شێوەزاری هەورامیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

– فەتاح، محەمەد مەعروف 2010)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.

– قادر، تارا موحسین (2004)، جێناو: لێکدانەوەیەکی نوێ لە زمانی کوردیدا(بە کەرەستەی دیالێکتی خواروو)، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان زانکۆی سلێمانی.

– قادر، تارا موحسین (2011)، زمانی کوردی و مینیماڵ پرۆگرام، تێزی دکتۆرا، بەشی کوردی، سکوڵی زمانی زانکۆی سلێمانی.

– قادر، سەباح ڕەشید (2009)، هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە (GB) لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

– محمد، دارا حەمید (2014)، هەندێک لایەن لە تیۆرییەکانی زمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

– محەمەد، حاتەم ولیا(2009)، پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆک.

– محەمەد، مەحمود حوسێن و تاڵیب حوسێن عەلی(2023)، فرێزی ئاوەڵناوی لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، بەرگی دەیەم.

– مەجید، ئارام ڕەشید (2016)، دروستەی کرداری فەرهەنگی لە فرێزی کاریدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

– مەعروف، عەبدولجەبار مستەفا (2010)، دروستەی فرێز لە زمانی کوردیدا، بڵاوکراوەی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.

- مەعروف، عەبدولجەبار مستەفا و قادر، كاروان عومەر (2011)، كاریگەریی فەرهەنگ لە بنیاتی دروستە سینتاكسییەكاندا، گۆڤاری استاذ، زانكۆی بەغدا، ژمارە (86).
- والی، هەژار حسێن (2023)، پارامێتەر لە سینتاكس و مۆرفۆسینتاكسی كوردیدا، تێزی دكتۆرا، زانكۆی سلێمانی ، كۆلێژی زمان.


## سەرچاوە بە زمانی عەرەبی


- الدسوقي، ابراهيم (2017)، نظرية اكس بار اللغوية و تطبيقها على اللغة العربية، عالم الكتب.


## سەرچاوە بە زمانی ئینگلیزی


- Radford( 2004), Syntax – A Minimalist introduction. Cambridge University Press: Cambridge.
- AArons, D. (1994), Aspects of The Syntax of American sign Language, Doctor of Philosophy, Boston University.
- Cook, V. & Newson, M., (1997), Chomskys Universal Grammer, Second edition, Blackwell Publishers.
- Cook,V.&Newson,M.(2007), Chomskys Universal Grammer, Third edition, Blackwell Publishers.
- Haegeman, L. (1991), introduction to Government & Binding Theory, Second Edition, Blackwell Publishing.


- Haegeman, L. (1991), introduction to Government & Binding Theory, Second Edition, Blackwell Publishing.


- Haegeman, L. (1994), The Syntax of Negation, First Published, Cambridge University press.


- Haegeman, L. (1994), The Syntax of Negation, First Published, Cambridge University press.


- Kimball,(1973), Seven Prinsiple of Surfase Struture Parsing in Natural Languge, Cognition 2.
- M, Fattah,M. (1997), A Generative Grammar of Kurdish, Unpublished Ph.D Disseration, University of Amssterdum.
- Matthews, P.H(1997), The concise oxford Dictionary of linguistics, oxford University press.
- Newson,Cook, V. & M., (1997), Chomskys Universal Grammer, Second edition, Blackwell Publishers.
- RadFord,Andrew, (1997),Syntax. A minimalist Introduction, Cambridge University prass.
- Randolph Quirk& Sidney Green baum(1973), A University Grammer of English, Hong Kong.
- Robert, N.St,(2010), X – bar theory, Clair University of Louisville.
- Roberto, (2002), X –bar configurations. Syntax Course: www. Linguistics. Uiuc. Edu/ jyoon/ Courses 401.


- Roberto, (2002), X –bar configurations. Syntax Course: www. Linguistics. Uiuc. Edu/ jyoon/ Courses 401.


- Saleemi, Anjum, P.(1992), Universal Grammer and Language Learnability, First Published, Cambridge University Press.
- Zeydan, Asma Ismail (2002), A Syntactic study of prepositional phrases in the Standard English and Bahdinani Kurdish, Salahdeen University, Hawler.

### تطبيق نظرية X-bar في اللغة الكردية

**نسرين عبدالله أحمد خوشناو**
قسم اللغة الكردية، كلية التربية الأساسية، جامعة صلاح الدين-أربيل,إقليم كوردستان, العراق
nasreenabdullah630@gmail.com

**نريمان عبدالله كريم**
قسم اللغة الكردية، كلية التربية الأساسية، جامعة صلاح الدين-أربيل,إقليم كوردستان, العراق
Nareman.Kareem@su.edu.krd

**الملخص**
عنوان البحث هو "تطبيق نظرية X-bar في اللغة الكردية". ((وفقًا لنظرية القوة والارتباط، تُعرف نظريةX-bar ، أو نظامX-bar ، بأنها نظام قواعدي تطوّر خلال نشأة علم لغويات التوليد الجديد كبديل للتفسيرات القديمة لبنية العبارة)). أي أن نظرية X-bar وُجدت لمعالجة أوجه القصور السابقة في قوانين تكوين العبارة وقواعد التوليد. في إطار نظرية القوة والارتباطGB ، تسعى نظرية X-bar إلى وضع قاعدة عامة واحدة فقط لتكوين العبارة في جميع اللغات البشرية، بدلًا من وجود قواعد مختلفة ومتعددة لتكوين العبارة. أي أن تشومسكي يحاول في X-bar تحويل قوانين العبارات المختلفة إلى مبدأ عام. وهكذا، بدلًا من صياغة قاعدة واحدة أو أكثر لكل عبارة، تضع نظرية X-bar قاعدة عامة واحدة لجميع العبارات. تتعلق هذه النظرية بالمستوى الداخلي للجملة، وتُعتبر نظرية أساسية لتحديد خصائص العبارة في اللغات الطبيعية. وفي هذه النظرية، يُولى اهتمام كبير للعبارة الرأسية Head Phrase ، وهي أهم جزء فيها. تصبح العبارة الرأسية هي عنوان العبارة، أي يجب أن يكون عنوان العبارة من نفس فئة العبارة. على سبيل المثال، في عبارة اسمية NP ، يجب أن تكون العبارة الرأسية اسمًا. في عبارة فعلية VP ، يجب أن تكون العبارة الرأسية فعلًا. وفي عبارة جار ومجرور PP ، يجب أن تكون العبارة الرأسية جارًا.
**الكلمات المفتاحية:** الإسقاط، الرأس، التكملة، المحدد، نظرية X-bar

### Application of X-Bar Theory in the Kurdish Language

**Nasreen Abdullah Ahmed**
Kurdish Language Department, College of Basic Education, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
nasreenabdullah630@gmail.com

**Nareman Abdullah Kareem Khoshnaw**
Kurdish Language Department, College of Basic Education, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Nareman.Kareem@su.edu.krd

**Abstract**
The research title is "Application of X-Bar Theory in the Kurdish Language." According to Government and Binding theory, X-Bar theory, or the X-bar system, is defined as a grammatical system developed during the emergence of generative linguistics as an alternative to the old explanations of phrase structure. In other words, X-bar theory was created to address the shortcomings of previous rules of phrase formation and production rules.

Within the framework of Government and Binding (GB) theory, X-Bar theory aims to establish a single, general rule for phrase structure formation across all human languages, instead of having multiple different rules for each phrase type. Chomsky attempts in X-bar theory to transform the rules of various phrases into one overarching principle. Thus, instead of formulating one or more rules for each phrase, X-bar theory sets a single, general rule for all phrases.

This theory concerns the deep structure of the sentence and is considered fundamental for defining the characteristics of phrases in natural languages. In this theory, particular attention is given to the head phrase, which is the most important component. The head phrase serves as the "title" of the phrase, meaning it must be of the same category as the phrase itself. For example, in a noun phrase (NP), the head phrase must be a noun; in a verb phrase (VP), the head phrase must be a verb; and in a prepositional phrase (PP), the head phrase must be a preposition.
**Key Words:** Projection, Head, Complement, Specifier, X-Bar theory